## بزمارێک بەچرپە!! ... م. حەمید عەزیز

لەم ڕۆژانەدا کەنا ڵێکی کوردی ئازیز ڕاپۆرتێکی گرنگی پێشکەش بەبینەرەدڵسۆزەکانی خۆی کردو سەرنجی زۆر کەسی ڕا کێشا. . ! چونکەبابەتەکەنامۆ بو بەئێمەی کورد، ، !!
(چۆن نامۆ بو. . ؟)

بەڕاستی زۆربەمان ئەگەر شتێکمان نەدیبێ لەشوێنێکیش باس کرێ کەئێمەدانیشتبین ئەوەزۆر ئاسانەبڵێی ئەوبابەتەنامۆیەبەمن و یان سەری لێ دەرنا کەم و حەز ئەکەم بۆم باس بکەن یان شی بکەنەوە!

ئێمەی خەڵکی کوردستانی باشور، زۆربەمان زانیاریمان لەسەر تلیاك ومادەبێ هۆشکەرەکان نی یەو بێ ئاگاین لەوەی کەتاچ رادەیەك زەرەرو تاچ رادەیەك قازانج لەم بابەتەدا هەیە؟ یان چەند ماڵ وێرانی بەدواوەیە؟ چونکەباسەکەڕوی لەگەنجان کرد و گەنجیش زانیاری زۆرلەسەر ژیان نی یەچۆن لەسەر ئەم مادەیەهەیبێ و بەتایبەت ئێمەبەم شتەنامۆین و گەورەکانیشمان زانیاری تەواو یان پێ نی یەدەربارەی ئەم مادەیە. تەلەفزیۆنەکەتەنها باسی ئەوەی کرد کەکۆمەڵێ گەنج فێری ئەم مادەیەبون و خەریکەتەشەنەئەکات بۆ ناو زۆربەی گەنجەکان. بەڵام باسی ئەوەی نەکرد کەئەم مادەیەبۆ بەکاریەت و؟ گەنج بۆ پەنای بۆ ئەبات و؟. ئەوگەنجانەی پەنا ئەبەنەبەرئەم دەرمانەهۆی زۆرە، بەڵام تەلەفزیۆنەکەباسی ئەوهۆیانەی نەکرد! وەهەروەها نەی وت کەئەم دەرمانەچۆن یەت وکێ ئەیهێنێ؟.

بەڕای من بەم شێوەیەباس بکرێ و پرسیارو وەڵامی لەسەر بکرێ. . .

1/ گەنج ئەم مادەیەبۆ ئەخوات؟

2/ ئەم مادەیەلەکوێوەیەت وکێ ئەینێرێ؟

3/ لەو شوێنەوەی کەدێت هەتا ناو شارەکان بەچەند بازگە(سەیتەرە) ئەگاتەجێ؟

4/ ئەو قاچاخچیانەلەگەڵ کێ شەریکن وا ئەمەندەچاونەترسن؟

بەڕای من گەنجەکان نارەحەتن بەو ژیانە، کێشەیان زۆرەو زۆر بێزارن لەو ژیانەی کەتیایدان، هۆکەی ئەگەڕیتەوەبۆ. .

1/ باری ئابوری و بێ کاری گەنج.

2/ باری دەرونی.

3/ باری کۆمەڵایەتی و لەیەك نەگەیشتنی گەنج و نەبونی یەکسانی کۆمەڵایەتی (عدالەاجتماعیە) .

4/ کەم تەرخەمی دەسەڵات بەرامبەرگەنج.

ئەمانەهەموو هۆکارن بۆ دروست بونی ئەو بابەتەپێویستەدەسەڵات چارەسەری بۆ بدۆزێتەوەو کێشەی لاوەکان چارەسەر بکات و لەباری دەرونی یەوەبێ خەم بن و کاریان هەبێ و پێوەی سەرگەرم بن و پێویستەدەسەڵات بەرنامەی ڕۆشنبیرکرن و زانیاری زیاتر بدات و پێشکەش بکات لەسەر زەرەری ئەم مادەبێهۆشکەرە، دەسەڵات ئەزانێ کەئەم مادەیەلەکوێوەیەت و؟ کێ ئەیهێنێ؟ وەئەگەر نایزانێ کێ ئەیهێنێ ولەکوێ وەدێ؟ ئەوەمنداڵێك ئەیزانێ. . من لیرەدا پرسیارێکم هەیە(ئایا ئەم بابەتەگرنگی بەخۆیەوەهەڵناگرێت کەوا زۆر بەسادەیی و بەکەمی پیشان درا؟) ئەگەروەڵامەکەی بەنەخێر بێت بۆ باس کرا؟ وەئەگەر وەڵامەکەی بەبەڵێ بێت ئەم بابەتەزۆر زیاتر لەوەهەڵ ئەگرێ کەکەناڵەخۆشەویستەکەمان بەنیوەنا چڵ باسێکی وروژان و بەجێ ی هێشت.

Hamid773@hotmail. com